# لە مۆزەخانەدا

بێرنارد کیرینی

**لە فرەنسییەوە: فازڵ مەحموود**



١٦ی ئازاری ٢٠٢٢ چیرۆک

ڕێک کاتژمێر یەک و نیوی پاشنیوەڕۆ چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ بەڕێوەبەری کاروباری مۆزەخانەکە هەبوو. مۆزەخانەکە تۆزێک لە سەنتەری شارەوە دوور بوو. کەوتبووە گەڕەکێکی کپوکڕ. باڵاخانەیەکی زۆر گەورە بوو، بە جامخانەیەکی چوارگۆشەی گەورەی دووباڵ دەکرایەوە، ڕاستییەکەی سەرنجڕاکێش نەبوو. لەبەر ئەوەی یەکەم کەس گەیشتبوومە ئەوێ و دەرگا کرابووەوە، بڕیارم دا هۆڵی پێشانگاکان ببینم و بزانم لە چی دەچێت. کەس

لەودیو مێزی پێشوازی نەبوو، بۆیە هیچ سەردانیکەرێکم نەبینی. بێگومان زستان وەرزێکی کپ و بێدەنگە بۆ گەشتیاری.

چەند چوارچێوەیەک لەسەر دیواری هۆڵی یەکەم لە ڕێکی یەک هەڵواسرابوون، هەر کامەیان پێکهاتبوون لە پەڕاوێکی ئەیفۆر، بە شێوەیەکی ستوونی هاوشانی یەک دانرابوون، بە پیتی زۆر ورد دەقێکیان لەسەر چاپ کرابوو. بۆ هەر چوارچێوەیەک، لە دامێندا و لە چوارچێوەیەکی ڕازاوەدا، زانیاریی لەمەڕ سروشتی دۆکۆمێنتەکان درابوو. ئەم هۆڵە زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو، بۆیە بەرەو هۆڵەکانی تر چووم. هۆڵێکیان بە شێوەیەکی زۆر سەیر بە پەردەیەکی گەورەی ڕەش لە هۆڵەکانی تر دابڕێندرابوو. لافیتەیەک لە دیوارەکە هەڵواسرابوو، داوای لە گەشتیارەکان دەکرد کاتی تێپەڕین هێمنی خۆیان بپارێزن. لاپرەسەنیی دایگرتم، پەردەکەم لادا و لەنێو تاریکوڕووندا ژوورێکی گەورەم دیت. پێویستم بە چەند چرکەیەک بوو تا چاوم بە تاریکییەکە ڕابێت، بەرەبەرە شێوەی چەند مرۆڤێکم بە قەبارەیەکی مامناوەند بۆ جیاکرایەوە، پانزە دانەیەک بوو، لەسەر دنگەیەکی پێنج خشتەکی بوون، ئەستووریی لێوارەکەی مەترێک دەبوو. هەوای ئێرە زۆر سارد بوو و بۆگەنێک دەهات، زۆر ناخۆش، نازانم ڕێک بڵێم بۆنێکی چۆن بوو. ئەمانە پەیکەرە ڕاستەقینەکانی ژن بوون، بە مادەیەک هەڵکۆڵرابوون، کە جەستەیانی بە شێوەیەکی قنج نەخشاندبوو؛ هەروەتر جلێکی ئاودامانی کەتانیان بۆ دروست کرابوو. قژیان هەستێکی وەهایان پێ دەدایت کە ڕاستەقینەن، ڕەنگە بڕوا بەوە بکرایە ئەوان لەسەرخۆ دەجووڵێن تا دنگەکانیان جێ بهێڵن و لەنێو مۆزەخانەکەدا پیاسە بکەن. پێڵووی هەموویان داخرابوو، وا دەنوێنن خەوتوون. بە خۆمم گوت ڕەنگە هونەرمەندەکە بۆ ئەوەی ڕاستینەییی ئەم پەیکەرانە پیشان بدات، چاوێکی شووشەیی بۆ دانابێتن. خۆم بە نووکی پەنجەی پێم هەڵبڕی تا پێڵووی یەکەمیان بکەمەوە، هاوارێکی تۆقێنەر لە پشتەمەوە هەڵایسا.

ـ دەستیان لێ مەدە، شوومن!

ئاوڕم دایەوە، حەپەسام، پیاوێکی گزگلی ورگنی کەچەڵ بوو، لە پێش دەرگەی هاتنەژوورەوەی هۆڵەکە دەستی کردبووەوە، وەک ئەوەی بیەوێ گوڵدانێکی خەیاڵی بگرێتەوە کە من خەریک بوو بەرم دەدایەوە.
ڕاستەوڕاست بەرەو ڕووم هات و بەدەست منی گرت، بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت بۆ دەرەوەی هۆڵەکەی پەلکێش کردم. هەینێ چووینە دەرێ،

ئاهێکی درێژی هەڵکێشا و خۆی ناساند: پیەر گۆڵد، بەڕێوەبەری کاروباری مۆزەخانە.

پێم وت بڕیار بووە سەبارەت بە پۆستی پاسەوان چاومان بە یەکتر بکەوێ، داوای لێ کردم پاشەوپاش پێکڕا بەرەو ژوورەکەی بڕۆین و تکای لێم کرد لەو هەڵچوون و تووڕەییەی یەکەم دیدار ببوورم. وتی ماوەی هەفتەیەکە نەیانبۆڵاندووە بۆیە نامەوێت خەبەریان بکەمەوە.

ـ بەڵێ؟

ـ کەواتە، ئەم ژنانە، ها!

ـ باسی پەیکەرەکان دەکەی؟

ـ بەڵێ.

ـ پەیکەری ئەم ژنانە زیندوون؟

لەسەر کورسییەک داینیشاندم و کوپێک قاوەی دامێ. ژووری ئیشەکەی زۆر گەرم بوو، پڕ بوو لە دۆسییە. لەم دیمانەیە دەترسام، چونکە یەکەم جارم بوو داواکارییم بۆ پاسەوانیی مۆزەخانە پێشکەش دەکرد. نە بڕوانامەم هەبوو نە هیچ زانیارییەکی هونەری، چاوەڕێ بووم زۆر پیس بکەومە بەر ڕێژنەی پرسیار. یەکێک لە سوپرایزە گەورەکان بۆ من، یەکەم پرسیار بوو کە گۆڵد لێی کردم. لەمەڕ ئەوەی کەی دەتوانم دەستبەکار بم. بە پەشۆکاوییەوە وەڵامیم دایەوە. هەر خانوویەکم لە شاردا دۆزییەوە، لە خزمەتدا دەبم.

ـ تۆ ئەمڕۆ گەیشتووی؟

ـ بەڵێ؟

ـ لە پاریسەوە هاتووی، وایە؟

ـ بەڵێ؟

ـ بڕوانە شارێکی بێدەنگە، فرە دڵڕفێنە. سەبارەت بە شوێنی مانەوەشت، تا ئەپارتمانێک دەبینیتەوە، مۆزەخانە پارەی هۆتێلت بۆ دەدات. ها ئەمە بگرە چەند پێشنیارێکی تێدایە.

ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا، ئاگادارییەکی زۆری لەسەر بوو، گوتیشی ژوورێکی بچووکیش لە مۆزەخانەکەدا هەیە، بەڵام پێی باش نییە لەوێ نیشتەجێ بم. داوام لێ نەکرد ڕوونکردنەوەم لەمەڕ ئەمە بداتێ و واژوومان لەسەر گرێبەستەکە کرد. لە ماوەی دە خولەکدا بووم بە پاسەوانی مۆزەخانەی شارەوانی. کارەکەم چاودێری کۆلێکشنەکان بوو کاتێ مۆزەخانەکە بە ڕووی هەمواندا دەکرایەوە، پاراستنی هەندێک بەشی ناسکیان بەپێی ئەو گرێبەستەی گۆڵد نوسخەیەکی بۆ ئامادە کردبووم. هەروەها دەبوو ئیمێڵەکان بکەمەوە و وەڵامی ئەوانە بدەمەوە وا داوای زانیارییان دەکرد. ئەم هەموو شتە دەیترساندم، بەڵام ئەو دڵنیای کردمەوە گشت شتێ بە باشی دەڕواتە پێشێ، بە تایبەت ئەم وەرزەی ساڵ سەردانکەری موزەخانە زۆر کەمە. دواجار ئەو تۆپەڵە کلیلەی لەسەر جلەکانی بوو، دایمێ.

- دەڕۆی؟

- بەڵێ، ئێستا مادام تۆ لێرەی دەتوانم زۆر بە ئازادیی ئیش بکەم. کاتژمێر پێنج و نیوی ئێوارە دایدەخەی و لە نۆی بەیانیش دەیکەیتەوە. بۆ نانی نیوەڕۆیش پشوویەک وەردەگری، چێشتخانەیەکی زۆر باش لەم نزیکانەیە. قەلەقی زەنگی ئاگادارکردنەوەکە مەبە چونکە نەمانبەستووە.

بە قەلەقییەوە، کاتێ بەرەو دەرگەی چوونەدەر گەڵەگەڵیی بوو، دوای کەوتم. دەیان پرسیار بە زەینمدا هات.

- ئەی ئەگەر سەردانیکەرێک هات؟

- پارەی لێ وەردەگری و پسوولەیەکی دەدەیتێ. هەمووی لەسەر مێزەکەیە، لای دەرگەی هاتنەژوورەوە.

- ئەی بۆ خاوێنکردنەوە؟

- باجییەکە هەموو هەفتەیەک دەیکا، وریابە خۆی لە ئیش نەدزێتەوە.

- ئەی گەر هەڵکوتانەسەر و دزییەک ڕووی دا، چی بکەم؟

- دزی؟ شتی وا نابێت، ترست نەبێت. بۆ ئەم ئێوارەیە پێشنیاری هۆتێلێکی ئەم دەورووبەرەت بۆ دەکەم، گەر دەتەوێت دەتوانم کاتێ لەوێو تێپەڕێم ژوورێکت بۆ بگرم.

ماڵئاوایی لێ کردم و بەپەلەپرووسکێ بە شەقامە چۆڵەکەدا داگەڕا. داخۆ دەیویست خۆی لەم مۆزەخانەیەدا ڕزگار بکات یان هیچ چارەیەکی تری

نەبوو؟ من بە تەنیا لە باڵەخانەیەکی گەورەی بێدەنگدا بوو، کلیلەکانم لەدەست بوو. دەستەوەستان بووم. بەشێکی باشی دامەزراوەیەک ئێستا خرابووە ئەستۆی من. ئەوەی گۆڵد ئاوا زوو چەند بەرپرسیارییەتییەکی خستبووە دەستی کەسێکی بێئەزموونی وەک من، زۆر شێلگیرم نەدەبینی. پاشنیوەڕۆم بە دانیشتن لە پشتەوەی شوێنی پسوولەفرۆشییەکە بەسەر برد. بە دڵەڕاوکێیەوە نزام دەکرد هیچ سەردانیکەرێکم نەیەت. بە سەرنجدان لەو زانیارییانەی بە دەرگای هاتنەژوورەوەدا هەڵواسرابوون، تێگەیشتم مۆزەخانەکە لە ساڵانی شەست کراوەتەوە. لێرەدا کۆلێکشنێکی تایبەتی شتەکان دەربارەی بابەتی گلەیی و گازەندە و پرسەگێڕان لەژێر هەموو ڕووڵەتێکیاندا کۆ کراوەتەوە. لەنێوان ئەو هەموو ژوورە جوانەدا، کتێبخانەیەکی دەنگی هەبوو، لەوێ زریکە و گریان و لاڵانەوە لە هەموو جیهان کۆ کرابووەوە. بریتی بوو لە سکاڵای یاسایی، لە ئەرشیفی دادگا جیاوازەکان کۆ کرابووەوە. بەرهەمە هونەرییەکان، پیاوان و ژنانی چاوبەفرمێسک پیشان دەدات. بە تایبەت کۆلێکشنی هەستبزێنی ژنە تازیەبارەکان "ئەو ئاهوناڵە هیستریایانەی بە تایبەت لە لیستی زانیارییەکاندا باس کرابوون، ترسی تێدەگەڕاندی". ڕێک لە خوارەوەیش چەند وێنەیەکی ئەو پەیکەرانەی، وا من دەمویست خەبەریان بکەمەوە، هەن. ئینجا کاتی کرانەوەی مۆزەخانەکە و نرخی هاتنە ژوورەوە.

بۆ دەستپێکردنی ئیشە نوێیەکەم چەند ڕۆژێکم پێویست بوو. شایەنی باسە مۆزەخانەکە بە شێوەیەکی سەیر بێدەنگ بوو: سێ هەفتەی یەکەم هیچ سەردانیکەرێک نەهات. پیەر گۆڵد، بۆ ئەوەی دڵنیا بێتەوە گشت شتێ باشە، دوو جار تەلەفۆنی کرد، منیش توانیم دڵنیای بکەمەوە و پێی بڵێم هەموو شتێک بە باشی دەکەم. لەو کاتەوەی بەو خێرایییە لە مۆزەخانەکە دەرپەڕی، ئیتر لەوێ دەرنەکەوتەوە، من ئەم شتەم بە پیشەیی نەدەبینی. لەگەڵ ئەمەش من شوێنێکم بە کرێ گرت، ناوماڵیشی تێدابوو، هەمووی دوو شەقاو لێرە دوور بوو، کەواتە بەرەبەرە ڕەوتێکی جێگیر و ئاسایی دەستەبەر دەبوو. لە ماوەی ئەو ڕۆژە درێژانەی من خەریکی چاودێری بووم، هیچ شتێکی وا نەبوو، توانیم بە شێوازێکی باشتر ئەو ئەرکە پاسەوانییە جیاوازانەی لە لیستەکەی گۆڵدا بوون، ڕێک بخەم. تەنیا بێگاریی ڕاستەقینە پاککردنەوەی پیکەری ژنانی تازیەبار بوو، چونکە گۆڵد زۆر ئەمانەی لا هەستیار بوو: دەبوو گشت دووشەممانێک بەوپەڕی وریاییەوە ئەمە ئەنجام بدرێ. ئەمە بۆ من ساتێکی زۆر ئەستەم بوو، چونکە ئەو پلان و بەرنامانەی وا بۆ ڕۆژانی پشووم دانابوون، تێک دەدا.

خاوێنکردنەوەی پەیکەری تازیەبارەکان سێ بۆ چوار کاتژمێر کاتیان لێ دەگرتم. بە کەرەستەکانمەوە دەچوومە نێو هۆڵەکە، پەردەکانم لا دەدا و پەنجەرەکانم دەکردەوە تا هەواگۆڕکێیەک بکات. ژنە تازیەبارەکان لە خەو هەڵدەستان، باوێشکیان دەدا و وەک هەمیشە شینوهاواریان دەکرد بەو بیانووەی سەرمایان بووە. هەرکامەیانم لە دنگەکەیان دادەگرت و جل و کەواکانیانم دادەکەند، لەسەرخۆ بە دەستکێش و سابوونێکی بۆنخۆش سەر تا پێم دەشۆردن. ئەوان بەردەوام ئاهوناڵەیان بوو، گلەییان لە ساردی ئاوەکە و بێئەزموونی دەستوپلی من دەکرد، لە کەمترین دەرفەتدا دەستیان دەکردە نرکوهووڕ: کاتێک خەریکی خاوێنکردنەوەی ئەوانەی لای ڕاست دەبووم، ژنە تازیەبارەکانی لای چەپی دیوارەکە دەستیان دەکردە گریان، واتە ئەو ژنە تازیابەرانەی بەو خاولییە وشکم کردبوونەوە کە پێشتر بۆ وشکردنەوەی ئەوانی تر بەکارم هێنابوو، هەروەها بە دوای یەکدا بۆ ئەوانی تریش. ئەم شتانە شێتی دەکردیت. پێویست بوو پرچی هەندێکیان بشۆیت، ئەوانی تر نینۆکیانم کردبوو. لە بێبەختیی خۆم گەر پەرچم بدایەتەوە، دەستیان دەکردە گریان، ئەوانی تریش وەک خوشکەکانیان لاساییان دەکردەوە. دەبوو هەندێ جار بیسەلمێنم دەتوانم ڕکێفی خۆم بکەم تا لێیان نەدەم. نەمدەتوانی ڕێ بە خۆم بدەم کۆلێکشنی ئەو گەوهەرانەی وا بووبووم بە بەرپرسی، تێک بدەم. پاش ئەوەی لە ئیشەکەم دەبوومەوە تازیەبارەکان دەیانکردە گەلەزەنگ، لە شوێنی پێشوازییەکەوە گوێم لە قیژە و گازەندەیان دەبوو، بەرەبەرە زۆر خێرا دەیدا لە کەمی، تا تەواو دادەمرکانەوە. هەینێ ئێوارەی دووشەممە مۆزەخانەکەم بەجێهێشت. کاتژمێر پێنج و نیو جارێکی تر بێدەنگی باڵی کێشا. ئەوان خەویان لێ کەوت و تا هەفتەی داهاتوو لەو خەو هەڵنەستان. هەوڵم دەدا لانیکەم کەمترین دەنگەدەنگ دروست بکەم نەکا خەوەکەیان بزڕێنم، بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییە بانسروشتییەی مۆزەخانەکەی داگرتبوو، تەجیلێکم کڕی بوو. تەلەفۆنەکان گوێکانیان دەکردە ئامانج، بێ ئەوەی بترسم تازیەبارەکان لە خەو بکەم، بەوپەڕی ئارامییەوە، دەستم کرد بە نەڕەنەڕێکی ئۆرکسترایی ڤاگنەری و چەند هەڵایەکی جاز.

بەم دۆخەوە ڕۆژێک ئەم قەیرانە درێژەی کێشا. وەک هەموو بەیانیانێکی دووشەممە، یەک بە یەکیانم بۆ ماوەی زیاتر لە سێ کاتژمێر شۆرد. پێچەوانەی خووی خۆیان، تەواوی ئەو پاشنیوەڕۆیە یەکپشوو گریان و نرکە و هووڕیان بوو. لەبریی ئەوەش دەنگیان نزم بێتەوە، بانگیان هەڵ دەدا. دوودڵ لە مۆزەخانەکە چوومە دەرەوە، بەو هیوایەی لای شەوێ هێور ببنەوە، بەڵام هەینێ بەیانی دواتر دەرگاکانم کردەوە، قیژەیەک بە گوێمدا

شاخاندی. پێم باش بوو پێش ئەوەی داوای یارمەتی لە پیەر گۆڵد بکەم جارێ چاوەڕوان بم، دەنگی تەجیلەکەم زیاد کرد تا ئەو نرکەکەیان کپ کاتەوە، ئەو دەنگەی دیوارەکانی بڕیبوو و هەموو بیناکەی داگرتبوو. چەند کاتژمێری سەرەتا قەلەقی دایگرتم: بۆچی هەڵقوولانی ئەم فرمێسکانە هێندە درێژە دەکێشێت؟ زۆر بە زەحمەت تا کاتژمێر پێنجی پاشنیوەڕۆ خۆم ڕاگرت، پاشان نیو کاتژمێر پێش وادەی خۆی مۆزەخانەکەم داخست، بە خەیاڵی ئەوەی گەر لێپێچینەوەیان لەگەڵ کردم، بیانووی ئەوە بهێنمەوە باری تەندرووستیم ناجێگیرە.

ڕۆژی دواتر زۆر بێزارکەر بوو. تا دەهات گریانەکان زۆرتر دەبوون، سوێندت دەخوارد لەنێو کۆنسێرتی کۆمەڵە شێتێکی کە لە دەست ڤیۆلۆن و کەڕەناکانیان ئازار دەکێشی. بارودۆخەکە بەرگە نەدەگیرا، جگە لە سازش نەمدەتوانی هیچ ئیشێکی تر بکەم. هەر بۆیە لە کاتێکدا کونی گوێیەکانم ئاخنیبوو، لە هۆڵی ژنە تازیەبارەکان ئامادە بووم. ئەو دەنگانەی لە دەمیان دەردەچوو، هەریەکەیان زەنگی ئاگادارکردنەوە و بەردی ئاش لە کاتی تیژکردن و مشاری کارەبایی و ئەو بەرازەی بیر دەخستەوە وا سەرمان دەبڕی. دۆزەخێک بوو. کاتێک پەردە ڕەشەکەم لادا، بینیم پانزە ژنی تازیەبار لەسەر دنگەکانیان شل و شۆڕ بوونەتەوە، تا ئەوپەڕی مردن هاوار دەکەن، هاوشێوەی دەڵەگورگە هارەکان، چاوەکانیان فرمێسکی تێ زابوو. هەندێکیان بۆ نزا باڵیان بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو، نەمدەزانی بۆ کام خودا، ئەوانی تر چوارمشقی دانیشتبوون و وەک ئۆتیست سەریان بە دنگەکانی خۆیاندا دەکێشا. من قیڕاندم، هەموویان حەپەساوانە ئاوڕیان لێ دامەوە. لەپڕ بێدەنگی گەڕایەوە، تەنیا کەمێ مشەمشیان دەبیسترا.

ـ ئەوە چیتان لێ بەسەر هاتووە؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.

ـ بۆچی دوو ڕۆژە هەر دەگرین؟

کەشەکە ئاڵۆز بوو. بە چاوی دوژمنایەتییەوە لێیان دەڕوانیم.

ـ ئێمە ماندوویان... دەی واز لەم بێشەرمییە زۆرە بهێنە.

ـ بە شێوەیەکی زۆر ترسناک چەپاندنی ئەوانم هەست پێ دەکرد.

ـ خەڵکی ئێمەیان تەرێز خستووە.

ـ کەس خۆشی ناوێین. لانی کەم بە وشەیەکی سۆزبەخشیش.

ـ چەپەڵی و خراپە گشت لایەکی داگرتووە.

ـ چیتر بەرگەی ناگرین.

دیسان کەوتنەوە جووڵە. ئەمیان پاش ئەو بە ئارەزووی خۆی دەستی دەکردە گلەیی و سکاڵا. پێشنیاری ئەوەم بۆ کردن کەمتر بیانشۆم، ئینجا جۆری سابوونەکەیان بگۆڕم و دەنگەی زۆر باشیان بۆ دابین بکەم، بەڵام ئەوان نەیاندەویست هیچ ببیستن.

ـ هەموو شتێ خراپە، کەس لە ئێمە تێناگا.

ـ کێشەکانمان چارە ناکرێن.

ـ بەردەوام هەمان توندوتیژیی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

ـ بەردەوام گۆشەگیری و خەمۆکی هەیە.

ئەمە پەتخستنە مل بوو. دەمبینی شێتانە ئەمیان پاش ئەو بانگی گریانی هەڵدەدا، وەک ڕیزکردنی دۆمینە یەکێکیان بکەوێت ئەوانی تریش دەکەوێنێت. لافاوی پاڕانەوە شێتانەکەیان بەرەبەرە زۆرتر دەبوو، تا منی نوقم کرد. من دەستەوەستان تەنیا دەمتوانی پاشەکشێ بکەم و بە پەلەپرووزێ لە هۆڵەکە تێی بقووچێنم.

ـ ئەلوو! مسیۆ گۆڵد؟

ـ ئا ئەوە تۆی! چۆنی؟

ـ زۆر باش نیم.

ـ هەندێ کێشە لە مۆزەخانە هەیە.

ـ بەڕاست؟

ـ بەڵێ، لەگەڵ ژنە تازیەبارەکان.

ـ چی بووە؟

ـ ئەوان دەگرین مۆسیۆ.

ـ ئەوە شتێکی خۆڕسک و ئاساییە.

ـ بەڵێ، بەڵام کاتی ئاسایی ئەم شتە چەند کاتژمێر زیاتری نەدەخایاند.

ـ ئەی ئێستا؟

ـ سبەی دەکاتە هەشت ڕۆژ. یەکپشوو.

ـ ناتەوێت بێیت و سەیرێک بکەیت؟ ئەوان دەمێکە تۆ دەناسن، دەزانی چۆن بیاندوێنی؟

ـ دەزانی، من و ئەوان هەرگیز زۆر لێک نزیک نەبووین.

ـ نازانم چی بکەم، شێتیان کردووم.

ـ نا ، نا ......

ـ دڵنیات دەکەمەوە تەنانەت ئەو کاتەش دەڕۆمەوە ماڵ هێشتا قریشکوهوڕی قیژەیان لەنێو سەرمە، وەک ئەوەی نیشتبنە شوێنم. بە ڕاستی ئەمە ئەشکەنجەیەکی ڕاستەقینەیە.

ـ تۆ دەبێت سەردانی پزیشک بکەی. دڵنیام ئەم شتە خراپە تێدەپەڕێت.

ـ دەترسێم ئەوان هەرگیز لەم شتە نەوەستنەوە مۆسیۆ. من ناتوانم لەمە زیاتر بەرگە بگرم.

ـ ورەت هەبێت، باش دەبێت. هەوڵ دەدەم هەفتەی داهاتوو بێم بۆ مۆزەخانەکە، باشە؟

ـ هەفتەی داهاتوو؟ بەڵام من ئێستا پێویستیم پێتە!

ـ ماڵئاوا، ماڵئاوا، دێم، بەڵێن بێت.

بەڕێوەبەر نە هەفتەی داهاتوو و نە هەفتەکانی تریش نەهات. منیش خەمۆکییەکی قووڵ دایگرتم، بەڵام هەوڵم دەدا پابەندی پۆستەکەم بم و گشت بەیانیانێک کاتژمێر نۆ مۆزەخانەکە بکەمەوە. ئێستا نزیکەی شەش مانگە لێرە ئیش دەکەم، هەرگیز هیچ سەردانیکەرێک بەم دەرگایەدا ئامدیوو نەبووە. چۆلوهۆڵی و دەنگی بەرگەنەگیراوی ژنە تازیەبارەکان وەهمێکی سەیران لا ساز کردووم. ئەو قیژانەی لە هۆڵی پەیکەرەکانەوە دێن دەگۆڕدرێن بۆ باڵندەیەکی ڕەشی زل و بە چواردەوری سەری مندا تیژڕۆ دەخولێنەوە و خۆیان بە ئەرزدا دەکێشن. جاری وایە دیومە دیوارەکان سکیان داوە کاشییەکانی ئەرد هەڵتۆقیون و پاشان فس بوونەتەوە، وەک ئەوەی هەناسە

بدەن. من خەریک بوو ڕاپێچی شێتی دەبووم و تۆزقاڵێ ئەقڵم بە بەرەوە مابوو. جاروبار سەردانم بۆ گروپێکی گەشتیاریی خەیاڵیی بۆ مۆزەخانەکە ڕێک دەخست و خۆ ڕینماییانم دەکرد. بە تەنیا لە داڵانەکە ڕێم دەکرد و بە دەنگێکی بەرز باسی هەزاران وردەکاریی سەرنجڕاکێشی کۆلێکشنەکەم دەکرد. بێگومان گەرمەی سەردانەکە بۆ هۆڵی ژنە تازیەبارەکان بوو، زۆر سەرسام دەبوون. پەنجەکانم لە گوێم دەئاخنی، ئەوان بەرانبەر بەم هاتوهاوارە لەخۆ دەچوون، سەبارەت بەوەی ئەم ژنانە بتوانن شتی وایان لێ بوەشتێتەوە بە منیان دەگوت دەبێت چاودێریی ئەم دیاردانە کارێکی سەرسامهێنەر بێت.

ڕۆژێک گروپێک تارماییی منداڵم لە پۆلەوە بۆ مۆزەخانە بەڕێ کرد، هێکڕا تووشی ژانەسەرێک هاتم، ناچار ئەژنۆم دایەلا.

ئاهوناڵەی ئەم ژنە تازیەبارانە، کە ئەوە نزیکەی دوو مانگ بوو یەکپشوو نەوەستابوو، بە تەواوەتی لە پەلوپۆی خستبووم. ڕکوکینە و شێتیی دایگرتبووم. مناڵەکان بە چواردەورمدا سەمایان دەکرد و بە ئازارێکی دزێو دەمیان دادەچەقاند و پێدەکەنین. بە هەناسەسواری، دەمزانی تەنیا یەک ڕێچارم لە پێشە: هەستام و لاقم هەڵێنا و تا هۆڵی ژنە تازیەبارەکان ڕۆشتم. هاتوهاوارە نەفرەتهێنەرەکان دەچووە نێو گوێیەکانم و لەنێو کاسەی سەرمدا باوەگێژەی بوو، وەک پەڕکەم. دەنگێکی وا بەهێز لە مندا شوێنی گرتبوو کە چیتر هیچ نەبیستم. لە سووچێکی بچووکی هۆڵەکە دەنگەیەکی بچووکم گرت، هاوشێوەی ئەوەی پەیکەرەکانی ئەوانی لە هۆڵەکە لێ دانرابوو، هەموو ژنە تازیەبارەکان بە قیژەوە سەیریان دەکردم. بێ پرزە بەسەر دنگەکاندا هەڵگەڕام و لەوێ نەبزووت وەستام. یەکسەر هەستم کرد لافاوێک فرمێسک بە مندا سەر دەکات، بەوپەڕی هەست و سۆزەوە مینا مەراسیمێکی ڕێزلێنان دەستم کرد بە یەکەم و ناکۆتاترین هاتوهاوار بۆ هاوڕەگەزەکانم.

ژنە تازیەبارەکان یەکسەر متمانەیان پێ کردم. هەموو دووشەممەیەک جێگرەکەم بە دەستکێشی پاکژکردنەوە و سابوونێکی بۆنخۆش دەیشۆردم. گەنجێکی خوێنشیرین بوو. من و خوشکەکانم بەوپەڕی هێزمانەوە بێهیوایی خۆمانمان بەسەر ئەودا دەڕشت، بەو هیوایەی ئەویش زووبەزوو بێتە ڕیزمانەوە.

**سەرچاوە:**

BERNARD QUIRINY*, L'ANGOISSE DE LA PREMIÈRE PHRASE,* Éditions Phébus. Paris. 2005.